# ڕەهەندەکانی بێدەنگیی شاری هەولێر

خوێندنەوەیەکی کولتووریی و سیاسیی بۆ بێدەنگیی  هەولێر لەهەمبەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان.

**کامیر سابیر**



هەلومەرجی کوردستانی عێراق لەڕووی سیاسیی و کولتوورییەوە هەمیشە ناوچەگەرایی و شارچییەتیی پێوە دیار بووە. با زۆر دوور نەڕۆین و لە سەردەمی حیزبی بەعسەوە دەست پێبکەین، بەعس هەمیشە دەیویست جیاوازیی بخاتە نێوان شاری سلێمانیی و هەولێرەوە، دەیویست جیاوازیی بخاتە نێوان بادینان و ئەو ناوچانەی بە سۆرانییەکان ناسراون. لەم ئاستەدا کەم تا زۆر سەرکەوتنی تاکتیکیی بەدەست هێنا. یەکێتیی و پارتییش، دروستتر جەلالیزم و مەلاییزم ماوەی پتر لەچل ساڵ ئەمەی دوایین درێژە پێدا.  تا  هەنووکەش ئەم شەڕی کولتوور جیاوازییەو ناوچەگەرایی و شارچییەتییە بەچەندین شێوازی مۆدێرن و کۆن درێژەی هەیە.

ئێستا هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە. پارتیی لە 31 ی ئابەوە تەنیا حیزبی دەسەڵاتدارە و هەمیشە ویستوویەتی ئەو هەست و نەستەی لەناو بادینانییەکاندا دژ بە بۆچوونێکی چەوت کە حیزب و ئایدیۆلۆژیا دروستی کردووە و بە ڕەهەندی سۆرانییزم ناسراوە و لەناویاندا هەیە لە شوێنەکانی تریش جێکەوت بکات. بۆ نموونە لەناو هەندێ هەولێرییدا هەستێک دژی سلێمانیی هەیە و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە و دەسەڵاتیش سوودمەندی سەرەکییە لێی کە کوردستانیان لەنیوان خۆیاندا دابەشکردووە . پارتیی و ئیسلامییەکان و پێشتریش یەکێتیی لە دوای ڕاپەڕینەوە کاری زۆریان لەسەر هەولێر کردووە. بەڵام بۆچیی هەولێر ژینگەی ئیسلامی سیاسیی و پارتییەو کەمتر ژینگەی بۆچوونە  عەلمانیی و لیبراڵەکانە ؟ ئەم وتارە دەیەوێ لەم باسە بکوڵێتەوە کە چۆن هەولێر لەلایەن دەسەڵاتەوە وەک بارمتەیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و کولتووری ماتیی و خامۆشیی ئەو شارە بۆ بەرژەوەندییە حیزبیی و ئایدیۆلۆژییەکان بەکاردەهێنرێ.

ئەگەر سۆسیۆلۆجیستێکی وەک Gerald Breese لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا بڕوای وابووبێت کە پێوەرو پێوانەی شار و شارستانییەت بەندە بەژمارەی زۆروبۆریی دانیشتووانەوە، ئەوە هەنووکە لەڕووی سۆسیۆلۆجیی و ئەنسرۆپۆلۆجیشەوە ئەو دیدە ئەبستراکتە ئاڵوگۆڕی ریشەیی بەسەردا هاتووە. ئەگەر سۆسیۆلۆجیی بۆخۆی لقێکی زانستی کۆمەڵایەتیی بێت، ئەوە بێگومان نزیکترین مەیدان لە سۆسیۆلۆجییەوە لەبواری کولتووریدا، ئەنسرۆپۆلۆجیای کولتوورییە( Cultural Anthropology) (Burton 2009 ). وردبوونەوە لە سیما نهێنیی و کارێکتەرە شاراوەکانی سۆسیۆلۆجیای شاریی ( Urban Sociology ) ناو شاری هەولێر، پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ و ئەکادیمیی هەیە و جێگەی ئەم وتارە نییە. بەڵکو ئەم وتارە سەرچیغانە دەیەوێ لەڕەهەندە سۆسیۆلۆجیی و کولتوورییەکانی بێدەنگیی هەولێر لەچاو شارەکانی تردا سەرنجێکی تیژ بدات.

"منداڵ کەلەدایک دەبێت، نە زمان و نە ئایین و نە هیچ بەهاو مۆراڵێکی کۆمەڵایەتیی هەیە. بەڵام هەموو ئەوانە لەرێی کولتوورەوە وەردەگرێت. کولتوور دەیسمێ و دەیکات بەکەسی ئەو ژینگەیە ئەگەر خۆی تابووەکان نەشکێنێ و بەدوای شتی نوێدا نەگەڕێ"( Henslin 2007, p37) . بەواتایەکیتر مرۆڤ یەخسیری ئەو کولتوورە دەبێت. هەنووکە دەبێ بڵێین ئەو کولتوورەی شاری هەولێر بۆچیی دەسەڵاتە سیاسییەکان بەئاسانیی سوودی لێوەردەگرن؟ ئەو کولتوورەی هەولێر بۆچیی جیاوازیی هەیە لەکولتووری سلێمانیی و تەنانەت لە گەڵ کولتوور و بیرکردنەوەی خەڵکی کەرکوکیشدا جیاوازە.

مۆدێرنیزم وەک یەکێک لە بەرچاوترین پرۆسێسە کولتووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی، هەمیشە بەکۆمەڵێ هەورازو نشێوی ئەو کاتەگۆرییە جیاوازانەدا گوزەری کردووە. شاری هەولێر ئەگەر لەڕووی مێژووییەوە سەیر بکرێ، هەست دەکرێ ئاڵۆزترین ئەو کێشانەی دەرگیری دانیشتوانی ئەم شارە بووبێت، بەرخۆری کولتووریی ( Consumer Culture) بووە. دەکرێ ئەم تێرمە سۆسیۆلۆجییە بە کولتووری بەفیڕۆدراو یان بەکارهێنراو لەزمانی کوردییدا بەکاربهێنرێن، بەڵام بەدڵنیاییەوە وەرگێڕانێکی حەرفیی دەبێت و مەغزای سیاسیی و کولتووریی خۆی لەدەست دەدات.

بەرخۆری کولتووریی یاخود پێخۆری کولتووریی هەوڵدەدات ستایڵی ژیانی تاکەکان دەستنیشان بکات و تاکە چالاکەکانیش لەکاردانەوەی کۆلێکتیڤدا نەخشی کارە هەرەوەزییەکانیان بە کۆمەڵگەوە بنێن( Turner 2008). لە کۆنتێکستی مێژوویی شاری هەولێردا، زۆربەی کات تاکە ئازاو چاونەترسەکان، تاکە هۆشیارو بزۆکەکان، تاکە زاناو شارەزاکان کەوتوونەتە ژێر پێوەو پلیشێنراونەتەوە، یاخود شارەکەیان بۆ دەسەلاتدارانی ناوچەکە بەجێهێشتووە. سەرئەنجام ئەو کولتوورە زاڵەی کە دەسەڵات و پیاوە ئاینییەکان و کۆنسێرڤەتیزمەکان ویستوویانە ئۆقرەیان پێگرتووە.

راستە سۆسیۆئابووریی و سۆسیۆکولتووریی لە پرۆسێسی گەشەی شاردا، رۆڵێکی بالایان هەیە، بەڵام هەروەک چۆن تەکنەلۆژیاو کولتوور پێکەوە مرۆڤ لە باکگراوندە بایۆلۆژییە رووتەکەی ئازاد دەکەن و دەیکەن بە تەنۆچکەیەک کە بەهەموو لایەکدا بیربکاتەوەو شتی نوێ بدۆزێتەوەو دابهێنێ. بەهەمان میتۆدیش رەهەندو کۆنتێکستە کولتووریی و ئابوورییەکان مۆرکی خۆیان بە رووداوە مێژووییەکانەوە دەنێن و رەنگرێژی ژیان دەکەن. بەڵام ئەوەی جێگەی تێرامانە رەهەندە کولتوورییەکان کەمتر دەتوانن ئەو بێدەنگییە درێژخایەنەی شاری هەولێر بسمن. چونکە سمینی ئەو چینە ئەستوورە لە بێدەنگیی، پێویستیی بە ئینێرژییەکی کولتووریی و رۆشنبیریی و ئاگایی گەورە هەیە.

لە درێژەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لەدژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسێکی لاوی وەک سەردەشت عوسماندا، پارتیی چونکە لەژێر گوشاری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رۆشنبیران و ئازادیخوازانی دەرەوەو ناوەدا بوو، ویستی کێشەکە بکاتە کێشەی نێوان خۆی و گۆڕان و لە بازنەیەکی سیاسیی-ئایدیۆلۆژییدا قەتیسی بکات. پارتیی و راگەیاندنەکانی بەتەواویی دەیانویست لەو ژێیە هەستیارانە بدەن کە سەرکردەکانی گۆڕان پێی تاوانبارن. ئەم وتارە ناچێ بەلای تاوان و تیرۆری سیاسیەکانی کورددا، چونکە وەک شوان محەمەد لەپەنجەرەی ئاوێنەدا روو دەکاتە هەردوو سەرکردایەتیی حیزبەکە و دەڵێ" خەڵکی کوردستان......نەپەلکێشکردنی پاسداری ئێران، نە جەندرمەی تورکی و نە 31ی ئابی لەبیرچووە، پاش ئەو هەموو نەهامەتی و سیاسەتە نائینسانییەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێناتان کە نەسەرۆکی پارتی و نەسکرتێری یەکێتی بەپاکیزە لێیدەردەچێ و نەجێگرەکانیشتان و ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو دەمەشتانی لێ بێبەری دەبێت، ئەگەر دادگایەکی عادیلانەتان بۆ دابنرێت، کەستانی لەحوکمی هەمیشەیی یا لە سێدارەدان، کەمترتان بۆ دەرناچێ" ( ئاوێنە ژمارە 224 ).

کەواتە لەیەک دێڕدا زۆربەی سەرکردەکانی ینک و پدک و ئیسلامییە میلیتانتەکان و گۆڕان، تاوانبارن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تیرۆرو سڕینەوەی جەستەی نەیارەکانیاندا، بەدڵنیاییشەوە کەسیان جورئەتیان نەبووە داوای لێبووردن لە قوربانییەکان بکەن. بەتایبەتیی سەرکردەکانی گۆڕان دەبووایە بیانکردایەو لاپەڕەیەکی نوێیان بۆخۆیان هەڵدایەتەوە. لەم دیدەوە ئەم باسەش لەو رەهەندانە دەدات کە دەیانەوێ لەپەنای پیشاندانی دڵسۆزیی بۆ شارو ناوچەیەکی دیاریکراوی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئاوی سیاسیی و خولیای ئایدیۆلۆژیی بخۆنەوە.

بەڵام پرسیارەکە لێرەوە دەست پێدەکات، کاتێ ئەوە ریکۆردی رەخنەکۆزیی و نووسەرو نەیارکوژیی دەسەلات بێت، بۆچیی بازرگانییش بە کولتووری شارەکان و خەڵکی شارەکانەوە دەکات. راگەیاندنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی کوردیی لەهەولێر دەیانەوێ نەیارەکانیان بەشارچییەتیی و ناوچەگەرایی و سلێمانییچیبوونەوە تۆمەتبار بکەن، ئەوە ئەگەر بەبەڵگەوەو بێت و لە نیازێکی نیشتمانییانەوە بێت، جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام کاتێک لەبەرامبەر ئەوەدا خۆت هەولێرچییەتیی بکەیت نەک لەبەر ئەوەی هەولێرت خۆش دەوێ و خزمەتی دەکەیت، بەڵکو لەبەرئەوەی بتەوێ هەولێرو سلێمانیی بکەیت بەگژ یەکدا و سوود لەجیاوازییە کولتوورییەکانیان وەربگریت. لەبەر

ئەوەی هەولێرییەکان لەگەڵت بکەون و وەک تۆ دژایەتیی سلێمانیی و گەرمیان و ناوچەکانی تر بکەن و بۆ هەولێر بکرۆزێیتەوە، ئەوە نەک هەر بەهاو ئێسیک(ئێتیک) و مۆراڵی سیاسیی ژێرپێ دەخرێ ، بەڵکو بەهاو مۆراڵە کولتووریی و ئێسیکە نیشتمانییەکانیش دەپلیشێنرێنەوە.

هەموو شارێک کۆمەڵێ تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆ نموونە سلێمانیی بەشارێکی سرک و خۆبەدەستەوەنەدەر و سەرکێش ناسراوە، یان وەک ئەوەی لە شۆڕشی چەکداریی کورددا بە هەڵمەت و قوربانیی ناوی دەرکردبوو. هەولێریش بەکۆمەڵی سیمبۆڵەوە ناسراوە، لەوانە درەنگ پڕبوون، بەسەبریی و بەزەبریی، شێری خەوتوو، مێرخاسیی و جوامێریی، دەروونسافیی و دڵگەورەیی و هۆلاکۆ بەزێن ............تاد. لەراستییشدا هەموو شارێک کۆمەڵێ پێوەنان و خۆڕادان لەخۆی دەبەستێ. بەڵام لەواقیعدا بەشێکی زۆری ئەو پێداهەڵدانانەی بەسەر شارەکانی کوردستاندا هەیە، موجامەلەی سەر مایکرۆفۆن و زەخیرەی وتارو بەیاننامەن و لەدیفاکتۆدا بوونیان نییە.

هەمیشە بێدەنگیی، دیکتاتۆر دروست دەکات، کەس نییە لاریی لەو بۆچوونە بێت کە دەیان سکۆلارو نووسەرو رۆشنبیر لەسەرتاسەری جیهاندا باسییان کردووە. سەردەمی سەدام حوسێن و زەبروزەنگەکەی هەر خەتای خۆی و توندوتیژیی دەسگا داپڵۆسێنەرەکانی نەبوو، بەڵکو بەشێکی زۆریشی خەتای خەڵکی عێراق بوو. خەتای ئەو کڕبوونە دووروردرێژەی خەڵکی عێراق بوو کە سەدام حوسێنی دروستکرد. بەهەمان شێوەش مێژووی کڕبوونی هەولێر، مێژووی بێدەنگیی هەولێر، قارەمانەکانی شەڕی ناوخۆ و سەردەشتکوژەکانی دروستکرد. بێدەنگیی و سەرکزکردن، شارێکی دروستکردووە هەر دەسەڵاتێک دێت، بەئاسانیی جڵەوی شار لەدەست دەگرێ.

بابەتی لێکۆڵینەوەو قسەکردن لەسەر هەلومەرجی سیاسیی و کولتووریی و مێژوویی شارەکانی کوردستان، کەم و زۆر نووسەرو رۆشنبیری کورد خۆیانی لێ دەدزنەوە. مەسەلەکەش هەستیاریی بابەتەکەیەو هەمیشە بە مۆتیڤەوە( عاتیفەوە) یان لەبن لێوەوە قسەی لەسەر دەکەن. بەدڵنیاییەوە ناوەڕۆکی ئەم نووسینە، کەم نووسەر و رۆشنبیری کوردستانی عێراق هەیە لە ژیانی رۆژانەیاندا قسەوباسیان لەسەر نەکردبێ، بەڵام زۆر بەدەگمەن بەنووسین شتێکیان لەسەر نووسیوە. ئەمە جگە لە دوالیزمی نووسەر و رۆشنبیر هیچ شتێکی تر ناگەیەنێت. لەڕاستییدا منیش بەترسێکی زۆرەوە دەستم دایە ئەم نووسینە، لەگەڵ چەندین رۆشنبیر و نووسەری هەولێرییدا قسەوباسم کرد. بەشێکیان دەیانگوت هەر زۆر بڤەیە دەستی لێ مەدە باخراپتر نەبێ، بەشێکیان پارێزیان لەناوەڕۆکی بابەتەکە هەبوو. بەڵام خۆشبەختانە دوو رۆشنبیری هەولێریی نەک هەر دەستخۆشییان لێمکرد بەڵکو دەیانگوت خۆزگە زووتر دەتنووسی( کەخۆیشیان نایکەن، ئەوەش هەر جێگەی پرسیارە!).

لەمەودای شارەزایی خۆمدا، ئەوەندەی من بزانم، ساڵانە لەئاستی زانکۆکانی جیهاندا هەزاران توێژینەوەی ئەکادیمیی لەبواری سۆسیۆلۆجیی و ئەنسرۆپۆلۆجیی لەسەر کولتووری شارەکان و ناوچەکان و وڵاتەکان و کێشە سیاسیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدرێن. هەزاران

خوێندکاری خوێندنی باڵا بۆ توێژینەوەی مەیدانیی گەشتی وڵاتە جیاوازەکان و شارەکان و دەڤەرە دووردەستەکان دەکەن. ئاخر ئێمە ئەگەر بڵێین بەداتای زانستیی ومێژوویی و سۆسیۆلۆجیی هێشتا شاری شارستانییمان نییە، درۆ نییە. پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەو شارەی دەسەڵاتی سیاسیی کورد دەیەوێ بە قەدوباڵای باڵاخانەکانی دوبەی بچوێنێ، چ شارێکە توێژینەوەیەکی کولتووریی و سۆسیۆلۆجیی لەسەر نەکرابێت. ئەگەر کرابێتیش لەزانکۆ سەقەت و بێ مەعریفەکانی کوردستاندا، کەس هەر ناویشیان نازانێ. ئەو زانکۆیانەی وێبسایتەکانیان لەوێبسایتی کۆتربازەکان دەچن، نیوەی لینکەیان هەر کار ناکەن، ئەگەریش کاربکەن چۆڕایی( شۆڕایی) مەعریفەو زانستیان تێدا نییە. ئەو زانکۆیانەی دۆکتەرەکانیان ئەوەندە پیربوونە 35 ساڵە خۆیان ئەپدەیت نەکردووەتەوەو ئاگایان لە هیچ شتێکی نوێ نییە. ئاخر بەڕاستیی ئەو خوێندکارانەی لەژێر دەستی بەشێکی زۆری ئەو دۆکتەرە سەقەتانەدا دەردەچن، دەبێ چیی فێرببن؟

گومانی تێدا نییە هیچ شارێک نییە گیرگرفتی کولتووریی نەبێت، بەڵام گرفتی سەرەکیی ئەوەیە کە دانیشتوانی ئەو شارە، گرفتە سۆسیۆلۆجییەکانی شارەکەی خۆیان نەبینن یان نەبینن و نادیدەی بکەن. چونکە ئەوە دەسەڵاتە کە فاشیل دەبێت لە پێشکەوتنی مادديی و مەعنەویی شاردا، بەڵام ئەوە خەڵکی شارەکەیە لە پێشکەوتنە کولتوورییەکاندا بەشێوەیەک لەشێوەکان بەرپرسیارن. هۆی چییە هەولێر مەلای فەتوادەری تێدا دروست دەبێت و بەئارەزووی خۆی، تێرۆر تەخشان و پەخشان دەکات و سەدان هەزار کەسیش دوای دەکەوێت؟ بەڵام عەبدولخالیق مەعروفی تێدا هەڵدەکەوێ، ئیسلامی سیاسیی لەڕێی مەلاکانەوە لەگەڵ بەعسدا بێکەسکوژی دەکەن؟ شێرزدا حەسەنی تێدا هەڵدەکەوێ، رادەکات و لەسلێمانیی دەگیرسێتەوە. سەردەشتی تێدا هەڵدەکەوێ، بەس بۆچاوترساندن، بە عەنتەرییات دەیکوژن.

هەولێر بۆ دەبێت درێژە بەم بێدەنگییە بدات؟ چۆن دەبێت بۆ تێرۆری سەردەشت کەمترین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی لەهەولێردا ئەنجام بدرێ؟ لەکاتێکدا پارتیی لە 31 ی ئابیشدا ئەوەندە گوشاری سیاسیی و گوشاری رۆشنبیران و میدیای کوردیی و بیانیی و نێوەندە نێودەوڵەتییەکان و ئۆرگانەکانی مافی مرۆڤی لەسەر نەبووە. چونکە ئەوسا لۆژیکی شەڕی سەربازیی بڕیاردەری یەکلاییکردنەوە بوو. هەرگیز ئەوە راست نییە کە زۆرینەی هەولێرییەکان بەدەسەڵات رازین. بەپێچەوانەوە، ئەوە دەسەڵاتە لەهەولێردا بەزەبری بودجەی خەڵکی کوردستان و هێزی سەربازیی و میلیشیای زێڕەڤانیی و حیزبیی خۆی سەپاندووە.

پارتیی و سەرکردایەتیی ئەو حیزبە کە هەمیشە لەدەستی بنەماڵەی بارزانییدا بووە، بەکێشمەکێشیان لەگەڵ باڵی مەکتەب سیاسیی لە سەرەتای شەستەکاندا، بەهەردوولایان کێشەیەکی زۆر تائیفییان هێنایە ناو ئەدەب و سیاسەت و کولتووری کوردییەوە. کێشەی سۆرانییبوون و کرمانجییبوون بڕبڕەی پشتی کوردی وەک یەک نەتەوەی یەکدەست لەکوردستانی عێراقدا شکاند و

تا هەنووکەش ئەو کەمەرشکاندنە جێگەی خۆی نەگرتووەتەوە. هەنووکە پارتیی بەهەمان مێنتاڵیتیی کۆن دەیەوێ شەڕی هەولێریی و سلێمانیی بکاتە کولتوور و لەڕێی سیاسەتی حیزبیی و ئایدیۆلۆژییەوە باوەشێنی ئەو پشکۆیانە بکات کە گیانی هاونیشتمانیی و هاوڵاتیبوونی تاکەکانی هەرێمی کوردستان لەقەوارەیەکدا بەیەکەوە گرێ دەدەن.

گومانی تێدا نییە بەهەمان میتۆدی سەردەمی بەعس، ئەوەی لەکوردستانداو لەژێر دەستی بەعسدا دابنیشتایە نەک ئازاد نەبوو، بەڵکو بچووکترین لایەنگریی بۆ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی حکومەتی عێراق لێ ببینرایە، سەروماڵی ئاوەوئاو دەچوو. هەنووکە لەهەولێردا زۆربەی ئەو نووسەرو رۆشنبیرانەی بەهەزارو یەک شێوەی جیاواز پاکانە بۆ سەربەخۆیی و ئازادبوونی خۆیان دەکەن، کەچیی لەسەر ئەرزی واقیع هەست دەکەیت زۆربەیان خەسێنراون. کەمنین ئەو نووسەرو هونەرمەندو رۆشنبیرە ناو زلانەی هەولێر بۆ پارچە زەوییەک، مووچەیەک یان خانەنشینییەک کە لەحیزبەوە وەریدەگرن، قوفڵیان لە دەمی خۆیان و لەقەڵەمەکانیان داوە. ئەمە کەمتر لەناوچەکانی کەرکوک و سلێمانیی و گەرمیاندا دەبینرێ. دیارە لەوێش پیاوی حیزب و رۆبۆتی حیزب ( بۆ یەکێتیی) بوونیان هەیە، بەڵام بەڕاستیی ئەگەر بیانەوێ شتێ بڵێن و بنووسن ، بەئاسانیی دەتوانن.

ئەم جیاوازییە کولتووریی و رۆشنبیرییەی نێوان ناوچەکانی پارتیی و دەرەوەی دەسەڵاتی پارتیی ( تەنانەت ئەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیشدان) ئەوەی هەستی پێنەکات، خۆی لەگەمژەیی دەدات. ئەمە ئازایەتیی رەقیبە کلاسیکەکانی پارتیی نییە، بەڵکو ئەمە ئازایەتیی و هەڵکەوتەی سیاسیی و جیۆگرافیی کولتووریی ناوچەکانە. ئەگەر سەیری دیرۆکی کوردیی و شەڕی چەکداریی ناوخۆی کوردستان و دژ بەحکومەتە داگیرکارەکانی عێراقیش بکرێ ئەو باڵادەستییە لە کولتووری کرانەوەو رەخنەگرتن و پەنجە بەچاوکردنەدا زۆرکەم لە تخوبەکانی زێی گەورە پەڕیوەتەوە.

### هەولێر- خاڵی وەرچەرخان

پەیامی کوشتنی رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، بەکورتیی و بەکوردیی ئەوەیە کە ئەوەی زماندرێژیی دەکات لەهەولێردا جێگەی نابێتەوە. بەواتایەکی تر رێگە نادرێ لەهەولێرەوە رەخنە لەدەسەڵات بگیردرێ. بەسەردەشتیان راگەیاند کە دەبێ هەولێر جێبهێڵێ، ئەگەر بەجێی بهێشتایە، بۆی هەبوو تیرۆریان نەکردایە. راستە دەسەڵات زیانی پێگەیشت و گوشارێکی زۆری ناوخۆو دەرەوەی لەسەرە و ئازادیی و دیمۆکراسییەکەی هەولێر هەزارجار کەوتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ئەو گومانەش زیاتر جێگەی بڕوایە، بەڕۆژی رووناک خوێندکارێکی زانکۆ بفڕێنرێ، مەغزاکەی ئەوەیە هەر کەس وەک سەردەشت هاروهاجیی بکات، چارەنووسی وەک ئەو رەش دەبێت. تا هەنووکەش بەیەقینیی ناتواندرێ دەستی تاوان بۆ لایەنێکی سیاسیی رابکێشرێ، بەڵام زۆربەی گومانەکان روو لەپارتیی

دیموکراتی کوردستانەو بەیاننامەی مەکتەبی سیاسییەکەی ئەوەندەی تر گومانەکانی زیاترکرد. بۆیشی هەیە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم گومانانە، لە ژوورە موخابەراتییەکاندا دۆکیومێنتێک وەک فیلمسازیی لەچەشنی سیناریۆیەک دابڕێژرێ و بکوژەکانی سەردەشت بەسەر لایەن و کەسانێکدا ساغبکەنەوە.

ئەوەی کە زۆر گرینگە ئەوەیە، کە نووسەران و ڕۆشنبیرانی هەولێر بەشێکیان لەو ڕاستییە گەیشتوون کە هەولێر لەچاو ناوەکەیدا، لەچاو مێژووە کۆنەکەیدا لەزۆر بواری کولتووریی و سیاسییدا لەدواوەیە. بەڵام ئەوەی جێگەی ناسۆرییە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەخەڵک ئەم حەقیقەتە بەسووکایەتییکردن تێدەگەن. بەبڕوای ئەم وتارە ئەم گۆمە دەبێ بشڵەقێنرێ، چەندێک باش بشڵەقێنرێ باشترە چەندیش زووتر دەستی بۆبردرێ درەنگە. چونکە کۆی ئەو حیکایەتە مێژوویی و کولتوورییە بەوە وەڵام نادرێتەوە کە خەڵکی سلێمانیی، ناوچەگەرایی دەکەن و خۆیان بە زاناتر و بەتواناتر و لێهاتووتر دەزانن، بەڵکو ئەمانە حەزوخولیای دەسەڵاتی سیاسیی ئێستای هەولێرە. ئەو دەسەڵاتە حەزدەکات خەڵکی هەولێر ئەم بۆچوونانەیان هەبێ، چونکە سەرەنجام لە قازانجی دێتەوە.

ڕەنگدانەوەی ناڕەزایەتییەکانی جەماوەری بەرینی کوردستان، لەناوچەکانی سلێمانیی و کەرکوک و هەندەران، ئەو ڕاستییەی سەلماندەوە کە هاونیشتمانییبوون و هاوچارەنووسیی لە خەیاڵ و بەرژەوەندییە حیزبییەکان زۆر زۆر گەورەترن. ئەوەی شاری سلێمانیی و کەرکوک و گەرمیان و ڕەوەندی کوردیی لەهەندەران کردیان بۆ ئیدانەکردنی تێرۆری سەردەشت، نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵات ناتوانێ هەولێر دابڕێ لەبەشەکانی تری هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەمەش نیشانەی خۆشحاڵییە کە خەڵکی سیڤیل و میدیای ئەهلیی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانی زۆربەی ناوچەکانی هەرێم گەورەترین کەمپەینی ئیدانەکردنی ئەو تێرۆرەیان لەئاستێکی بەرینی لۆکاڵیی و جیهانییدا بەڕێوەبرد. ڕاستە لە هەولێر خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی سیاسیی ئەنجامدرا، بەڵام ئەگەر بۆ شوێنێک کە پایتەختی پێدەگوترێ کەمبوو.

خۆشبەختانە بەشێک لە ڕۆشنبیرانی کوردستانی ئێران و ڕەوەندی کوردیی ئەو بەشەی کوردستان لەهەندەران بەڕێژەیەکی بەرچاو لەکەمپەینە جۆراوجۆرەکاندا بەشدارییان کرد. بەڵام جێگەی داخە کوردەکانی کوردستانی تورکیا و سوریا و ڕەوەندی تاراوگەیان کەمترین بەشدارییان نەکرد. ئەمەش جارێکی تر ئەو حەقیقەتە تاڵە دەداتەوە بەگوێماندا کە زمان چەند گرنگە بۆ پێکەوەگرێدانی تاکەکانی جڤاکێک، جارێکیتر ئەو دیفاکتۆیەمان پیشان دەداتەوە کە ئایا بەڕاستیی لە خولیای سیاسیی و حەزی ئایدیۆلۆژیی بترازێ، ئایا کورد یەک نەتەوەیە؟ ئایا جیاوازیی زمانیی و نەبوونی زمانێکی هاوبەشی نووسین، چەند مەترسییەکی گەورەیە لەسەر دابڕانێکی هەتاهەتایی؟ لەپێشدا دابڕانێکی کولتووریی و دواتریش دابڕانێکی سیاسیی.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەندێک لەو نووسەرانەی دەرەوەی هەولێر، لەپارێزگاکانی ترەوە یان لەهەندەران گەڕاونەتەوە بۆ ماکیاژکردنی دەسەڵاتی سیاسیی، نەک هەر بێدەنگییان کرد، بەڵکو هەندێکیان زۆر چەواشەکارانە هەندێ دەربڕینی شاعیرانەو سۆفییانەو فێمینیستییانەیان نووسی، بەهیچ شێوەیەک بەلای تێرۆری سەردەشتدا نەچوون. بگرە هەزارو یەک درۆو بوختانیان رێکخست بۆ ئەوەی کەمپەینی ناڕەزایەتییەکان بشێوێنن. ئاخر جیاوازیی ئەو قەڵەمانەی بۆ بەعس پاکانەیان دەکرد، لەگەڵ ئەوانەی هەنووکە بۆ گەندەڵترین دەسەڵاتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاکانە دەکەن، چییە؟

یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی بێدەنگیی و خامۆشیی هەولێر، دابڕانە جڤاکییەکەی ناوخۆیەتی. عەشیرەتگەریی و خۆهەڵواسین بەعەشیرەت و رەگە مێژوویی و ناوچە سەرەکییەکانی لێوەی هاتوون، رۆحی تاکەکانی هەلاهەلاکردووە. تەنانەت ئینێرژی مرۆڤەکانیشی خاوکردووەتە لەوەی لە کۆمەڵگەی شارییدا بتوێنەوە. ئێستا ساڵی 2010 یە، بەڵام بەشێکی زۆر لەپێوەندییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو شاری هەولێر، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ 100 ساڵ لەمەوبەری ژیانی شێخ و دەرەبەگ و بەگزادەو ئاغاکانی دەوروبەری هەولێردا نییە. ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە لاوازانەی کە دەبنە هۆی ئەوە تاکەکان و خێزانەکان و بنەماڵەکان لەکۆمەڵگەی شارییدا نەتوێنەوە. چونکە لەبنەڕەتدا، زۆرینە ئینتیمای بۆ کولتووری شار و شارییبوون نییە، ئەوەندەی ئینتیمای بۆ ڕابردووی ناوچەکەو عەشیرەتەکەو هۆزەکەی خۆی هەیە. ئەم نەبوونی ئینتیمایە بۆ شارو شارستانیی، نەبوونی خودی ئایدێنتیتیی شاریی کارێکی وایکردووە کە کولتووری لادێ گەشەبکات و کولتووری شاریی راوەستاو بێت.

ئەگەر بڕیارە شارستانییەتیی Civilization ( نەک شارستانێتیی) جۆرێک بێت لەئاستێکی بەرینی گەشەی کولتووریی، ئەوە بەئاستی بەرزی ئەو ئاڵۆسکاوییە کۆمەڵایەتییە دەگوترێ کە ئابووریی و چالاکییە کولتوورییەکان لەخۆدەگرێ. سەیری چالاکییە ئابوورییەکان بکەیت، هەولێر قورساییەکی زۆر گەورەی بازرگانیی و نێوەندی ساغکردنەوەی کاڵا و شمەکەکانی کوردستانە. تەنانەت ئەم هێجەمۆنییە( هەژموون) ئابوورییە وایکردووە زمانی ئابووریی بازاڕەکانی هەولێر بەسەر هەموو کوردستاندا قورسایی دابنێ. بۆ نموونە لەدوای راپەڕینی 1991 دوە بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا بەئاشکرا مامەڵەی بازرگانیی بە دۆلاری ئەمێریکییەوە کرا، بازاڕەکانی سلێمانیی تێرمێکی زۆرجوانیان بۆ $100 ئەمێریکیی داهێنا، بە " گەڵا" ناوی دەرکرد. بەڵام هەر چەند ساڵێکی برد تێرمی " وەرەقە" کە عەرەبییە، تێرمی " گەڵا" ی بەیەکجاریی هەڵلووشی. ئەمە لەیەک رستەدا دەکرێ بە هێجەمۆنیی بازرگانیی و قورسایی بازاڕەکانی هەولێر بەسەر هەرێمی کوردستاندا بچوێنرێ. پرسیارەکە لێرەدایە، ئایا بۆچیی چالاکییە ئابوورییەکان دەتوانن جێپەنجەیان بە زمانی رۆژانەو بازرگانییەوە هەبێ، بۆچیی چالاکییە کولتوورییەکان نەیانتوانیوە ئەم رۆڵە لەپێشخستنی

تێرمی شاریی و شارستانییەتدا جێکەوت بکەن؟ بەبڕوای ئەم نووسینە ئەم لەیەکئالاندنە کولتوورییانەی شاری هەولێر پێویستی بە چەندین توێژینەوەی ئەکادیمیی لە بوارەکانی کولتووریی و سۆسیۆلۆجیی و ئەنسرۆپۆلۆجیی .........تاد هەیەو باسی ئەم وتارە نییە.

یەکێک لەو بیرمەندانەی لەم بوارەدا بەوردیی دەستنیشانی کاتەگۆریی و کارێکتەرەکانی شارستانییەتیی کردووە، شوێنەوارناس و فیلۆلەجیستی philologist ئوسترالیی Gordon Childe ە. ئەو پێیوایە مانەوەو گەشەکردنی شارستانییەتیی بەتوندیی بە شێوازی گوزەران livelihood ، نۆرمی نیشتەجێبوون ، فۆرمی دەسەلات ، پۆلێنکردنە کۆمەلایەتییەکان، ئابووریی، ئەدەب و بابەتە کولتوورییەکانی ترەوە بەستراوەتەوە( Childe 1942). ئەگەر بەراوردی ئەم کاتەگۆرییانە بە مێژووی دوورو درێژی شاری هەولێر بکرێن، مرۆڤ تووشی سەراسیمە دەبێت کە چۆن ئەم شارە کۆنەی مێزۆپۆتامیا ، بەو مێژوو دووردرێژەیەوە، بەم شوێنە ستراتیژییەی لە هەلکەوتەیەکی پێدەشتییدا، کەچیی بەپێوەری شارستانییەتیی بێت، لەگەل شارێکی وەک سلێمانییدا کە تەمەنی نزیکەی 225 سالێک دەبێت، ئاسمان و رێسمانی جودایە.

ئەوە نەبێ شاری سلێمانیی شارێکی تەواو کەمال بێت، ئەم شارەش پێوەندییە خێلەکیی و لادێیەکانی تێکەل بووە، شارێکە سەدان خلتەوخاشی تێدایە، بەلام بەتەمەنی هەولێر بەراوردی دەکەیت جیاوازییان زۆر تێدایە. بۆ نموونە خەلکانی عەشایەر و لادێیی کاتێک دەچنە شاری سلێمانییەوە، کەمتر دەتوانن دەست بە کولتووری رابردووی خۆیانەوە بگرن، ئەگەر بیشیگرن نەوەکانیان لەدەستی دەدەن و لەکولتووری شاردا کەم تازۆر دەتوێنەوە. بەلام بۆ هەولێر سەیر دەکەیت چەندین نەوە لەشاردا دەژین و گوندەکان و هەلتەکانیان بەجێهێشتووە، لەپێوەندییە کۆمەلایەتییەکان و کولتوورییەکاندا لەبابوباپیرانی زیاتر و توندتر دەستی پێوەدەگرن. ئەمە بۆ رۆشنبیران و نووسەران و خەلکانی پێشکەوتووخوازی هەولێر کەمێک سەخت هەلدەقورێنرێ. بەلام راستییەکە نکۆلییلێکردن لیی، خۆگێلکردنە.

ئەم جیاوازییانە زۆر لەوە گەورەترن کە چاویان لەئاست دابخرێ و سەری بابەتەکان دابخرێنەوە. سەرداخستنەوەی ئەم بابەتی بێدەنگیی و خامۆشییەی هەولێر، ترشاندنی کولتووری شارەکەی بەدوادا دێت و سەرەنجامیش دەسەلاتی سیاسیی و پیاوە ئایینییەکان و ئیسلامی سیاسیی براوەی یەکەم دەبن، دۆڕاوی سەرەکییش خەلکی شارەکەو لیبرالیزم و دیمۆکراسیی و مافی مرۆڤ دەبن. ئەم پرسە گرنگە پێویستە لەڕووی ئەنسرۆپۆلۆجیای شارییەوە Urban Anthropology لیی بکۆلرێتەوە. دیارە ئەمەش کە زۆر لەگەل سۆسیۆلۆجییدا سەروسەکوتی هەیە، پێکەوە دەکرێ لە تەوەرە هەستیارەکانی ئەم ترشاندنە کولتوورییەی شاری هەولێر بکۆلرێتەوە و بەقازانجی شارستانییەتیی خەلکی شارەکەو بەزیانی دەسەلات و کۆنسێرڤەتیزم و بونیادی فیۆدالیزمی ناوشاریش بگەڕێتەوە.

گەمژانەترین لێکدانەوە بۆ نووسینەکانی سەردەشت ئەوانەبوون کە دەیانگوت: دەستدرێژیی ناموسی تێدایە، خەتی سووری کولتووری کوردەواریی بەزاندوە، ئازادیی خەڵکی تری پێشێلکردووە، سووکایەتیی کردووە، نووسینەکانی بەستاندەردی جیهانیی مالی رۆژنامەنووسی پرۆفێشناڵ نیین، هانیان داوە و سنووری ئازادیی تێپەڕاندووە، دەستی داگیرکاران و عەرەبە شۆڤینستەکانە! ....تاد. بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی ئەم بیانووانەیان دەهێنایەوە، جگە لە چەند کەسێکی سەر بە نیوە دەسەڵاتەکەی تر ( ینک) ، زۆربەی هەرە زۆریان ئەوانە بوون لەدەسەڵاتی هەولێرەوە نزیکن و خەریکی چەکاندنەوەی بازرگانەکانی نەوتی قاچاغن لەناو بەپرسەکوردەکاندا. بە واتایەکی روونتر زۆربەیان ئەوانەن کە لەهەولێر دادەنیشن، یان لەدەسەڵاتەکەی هەولێر سوودمەندن و لەو گەندەڵییەی کوردستان شتێکیان دەستکەوتووە. ئەوە چ مۆراڵ و چ بەهایەکە کە نووسەرێک خۆی و ویژدان و قەڵەمەکەی دەفرۆشێ و پاکانەیەکی ئەوەندە رەزیلانە بۆ دەسەڵات دەکات؟ لەکاتێکدا تا هەنووکەش کەس نەیگوتووە پارتیی تاوانبارە، بەڵکو گوتراوە و نووسراوە پارتیی بەرپرسە لە پاراستنی گیانی خەڵک و پەنجەی گومان بۆ ئەو درێژ دەکرێت.

ئەوەی کەیسی سەردەشتی زۆر گەورەکردەوە لە چاو لەسێدارەدانی چوار کوردی کوردستانی ئێران و بەلوجێکی بەلوجستانی ئێران کە هەر لەو ماوەیەدا لەسێدارە دران، گرنگیی و ناوداریی سەردەشت نەبوو. بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەمەیان تیرۆری سیاسییە و لەژێر دەسەڵاتی خۆماڵییدا دەکرێ، بەڵام ئەوەی تریان رژێمێکە بەئاشکرا دژایەتیی داخوازیی کوردەکان و بەلوجەکان دەکات. راستە وەک مرۆڤ ئیعدامی پێنج کەس ، پێنج جار لە کوشتنی کەسێک لەباری یاسایی و مرۆییەوە گەورەترە، کەچیی یەک لەسەر سەدی کەیسی سەردەشت دەنگی نەدایەوە. بەکورتییەکەی خەڵکی کوردستان بەگشتیی و کوردستانی عێراق بەتایبەتیی چاوی کراوەتەوەو دنیا ئاڵوگۆڕی ریشەیی بەسەردا هاتووە و چیتر مافیاکانی ناو دەسەڵاتی کوردیی ناتوانن مێژوو بۆ دواوە بگێڕنەوە. ئەوانەی دەڵێن بابەتی تیرۆری سەردەشت بەسیاسییکراوە، خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوەیە. ئەگینا ئەوەی کە خەڵک بەو رادەیە ورووژاوە، ئەوەیە کە خودی تیرۆرەکە ، کەیسێکی سیاسیی و تیرۆری سیاسییە.

جیاوازییەکانی لێکدانەوەی رۆشنبیرە هەلپەرستەکانی سەر بەدەسەڵات و ئەوانەی کەمپەینی ریسواکردنی ئەو کەیسەیان جۆشدەدا، لە خاڵێکی بچووکەوە دەست پێدەکات و لەدووڕێیانێکی چارەنووسسازدا کۆتایی پێ دێت. ئەوان دەبێت لە ئۆربیتاڵی ئەو بەرچاوەژێرییەی خۆیان بەسەر خۆیاندا هێناوە دەرنەچن. پاداشتی ئەو زەویی و پارەو ڤێلاو ئۆتۆمبیلانە بدەنەوە کە دەسەڵات لەبودجەی خەڵکی کوردستان پێیداوون. پاداشتی ئەو بلیتی هێڵە ئاسمانییانە بدەنەوە کە بۆیان دەکڕدرێ، پاداشتی ئەو خەڵاتانە بدەنەوە کە بەسەریاندا بەخشراوەتەوە. پاداشتی کتێب چاپکردنەکانیان بدەنەوە.........تاد. بەکورتییەکەی پاداشتی سوڵتانەکان و قاروونەکان و کوڕگەلی

بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان بدەنەوە. بەداخەوە زۆربەی ئەم نووسەرە ناو زل و فێمێنیستە چالاکانەو موفەکیرە عەملاقانە یان هەولێریین ، یان لەهەولێر دادەنیشن و یان لەهەندەرانن و ئەزبەنی دەسەڵاتی کوردیین لەشاری هەولێر.

شاری گەورە لەدنیادا، عەقڵ و حیکمەت  رادەکێشێ، ئەوانەی عەقڵی زانستیی و ئابووریی و کولتوورییان هەیە لەشوێنەکانی ترەوە کێش دەکرێن، بۆ ئەوەی خزمەت بەشارەکەو وڵاتەکە بکەن. کەچیی بەداخەوە هەولێر هەرچیی خڵتەوخاش و تەرتەو وەرتەی کوردستانی عێراق و پارچەکانی تری کوردستانیشە، دەسەڵات لەخۆی کۆیاندەکاتەوە، کەچیی زۆرینەی خەڵکی شاری هەولێڕ لەو پەڕی سەختیی ژیاندا، گوزەران دەکەن. جیاوازیی چینەکان ئەوەندە گەورە بووەتەوە، زاڵمانەترین مۆدێلی بازاڕی ئازاد و جۆری دەوڵەمەندبوونی بەرهەم هێناوە. سەیرکەن پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە گەورەترین شاری کوردستانە، کەچیی رۆژنامەیەک، گۆڤارێک، رادیۆیەک، تەلەفزیۆنێکی سەربەخۆو ئەهلیی تێدا نەبێت. کەس نەوێرێ بەئازادیی رەخنە لەدەسەڵات بگرێ. ئاخر کەی دەسەڵات لەوە تێدەگات، شارێک کە میدیای ئازادی تێدا نەبێ، ئەو شارە ئازاد نییە؟ لەکاتێکدا ئەو سەدان رۆژنامەو هەفتەنامەو گۆڤار و کۆوار و کتێبەی لەوێ چاپ دەکرێن زۆرینەی رەهایان سەر بە دەسگا حیزبیی و ئۆرگانە حیزبیی و پیاوە دەستڕۆیشتووەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسیی شارەکەن. ئاخر بەڕاستیی شارێک خۆی ئازاد نەبێ، دەکرێ ئازادیی دابین بکات؟ گەنجانی بێکاری هەولێر چیی لە پارکی گەورەو جوان بکەن، کە کاری نەبێ و ژیانی مسۆگەر نەبێت. ئەو پارکانەی دەسەڵاتی هەولێر کردوونی بەئایکۆنی دەسەڵاتەکەی و بەچاوی خەڵکی هەولێریدا دەداتەوە، ئێواران چەندین هەزار گەنجی بێکاریان تێدایە، کە نازانن رۆژگار لەسەردەمێکی سەختی وەک ئەمڕۆدا چۆن بەسەربەرن.

## بەرەنجام:

ترس و لەدەستدانی دەستکەوت و کوردەناموسیی و دەست بەکڵاوی خۆوە گرتنەوە، یەکێکە لەو فۆبیایانەی کە رۆشنبیر و نووسەری کورد بەدەستیانەوە دەتلێتەوە. بەدرێژایی چەندین ساڵ لە دەیان رۆشنبیرو نووسەرو سیاسەتمەداری کورد بیستراوە کە هەولێر لەڕووی کولتوورییەوە لەدواوەیە، رەخنە دەگرن و لەناو کۆڕی تایبەتییدا باسیدەکەن و دەیوروژێنن ، بەڵام بۆ دانسقەیش نووسینی کەسێک پەیدا ناکەیت کە وتارێک ، توێژینەوەیەک، تەنانەت بۆڵەیەکی نووسراویشی هەبێت. ئەم نەوێرانە، فۆبیایەکی حەشاردراوە و لەناخی ئێمەدا  بوونی هەیە و ناوێرین خۆمانی لێبدەین. هەندێک پێیانوایە هەر باسکردنی بۆ خۆی شارچییەتیی دەگەیەنێت و نیازی خراپی لێدەخوێندرێتەوە. هەندێک هەن دڵی خۆیان دەدەنەوەو سەدان پرسیار لە مێشک و هزریاندا دێت و

دەچێت، کەچیی ناوێرن وەڵامی راستەقینەی ئەوە بدەنەوە، چۆن دەبێ پایتەخت بەوشێوەیە لەڕووی کولتووریی و ئاگاییەوە وێران بێت. چۆن دەبێت ئەم بێدەنگیی و خامۆشیی و بێدەربەستییە درێژەی هەبێت. لە ئەنجامی ئەو لێکدانەوانەدا ، بۆ یەکەمین جار خۆزگەم دەخواست و بەخۆم گوت" خۆزگە هەولێریی بوومایە" . مرۆڤ زۆرجار خۆزگەی سەیر سەیر بەمێشکیدا دێت. بەڵام وەک نووسەری ئەم وتارە ئەگەر ئەو خۆزگەیەم بەلەدایک بوونم لەشاری هەولێردا بەدیبهاتایە، ئەوە بەدڵنیاییەوە زیاتر جورئەتم دەکرد لەسەرشارەکەی خۆم بنووسم و رەخنە لە کولتووری بێدەنگیی هەولێر توندترو راشکاوانەتر بگرم.

ئەم بێدەنگیی و نەبوونی کۆدەنگیی لەسەر رەهەندە سیاسیی و کولتوورییەکانی هەولێر و دابەشبوونی رای جیاواز و زۆر دوور لەیەک، وایکردووە کەمینەیەکی زۆر بچووک هەمیشە ببن بەقوربانیی و زۆرینەش لەلیان لێوە نەیات. زۆرجار ئەو خەڵکە بەتواناو و شارەزاو ئازاو چاونەترس و لێهاتووانەی لەهەولێردا هەڵدەکەون لەهیچ شوێنێکی کوردستاندا هەڵناکەون. بەڵام بەدبەختییەکە لێرەدایە، بەو رێژە زۆرەی دانیشتووانی هەولێر، ئەو خەڵکە ئیلێتە کەمەی لێی پەیدا دەبن، زۆر زۆر کەمن . هەندێک ئەم رەهەندی بێدەنگیی و بێدەربەستییە بۆ مێژووی دروستبوونی شاری هەولێر دەگێڕنەوەو پێیانوایە لەبنەچەدا شاری هەولێر شارێکی ئاشوورییەو کورد بەدرێژایی چەندین سەدە بەهۆی زۆروبۆریی لەناوچەکەدا رەویانکردووەو هەولێر سیمای شارێکی نیمچە کوردیی وەرگرتووە. لەڕووی دۆکیومێنتی مێژووییەوە ئەم پرسە پشڕاست دەکرێتەوە کە " ئەربائیلۆ" لەبنەڕەتدا شارێکی کوردیی نەبووە. نەبوونی وابەستەی کولتووریی بەمێژووی جڤاک و شارەکانەوە، رەهەندێکی قووڵەو راستەوخۆیش کاردەکاتە سەر بەرەنجامی پێشکەوتنە کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان.

تێرۆری رۆژنامەنووسێکی وەک سەردەشت عوسمان ئەوەی سەلماند کە قورسایی ئەو شارە چەند بۆ دەسەڵاتیی کوردیی و گەلی کوردستان وهەرێمی کوردستان گرینگە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە پیرە هەولێر ئەمجارەش تەواو ڕانەچڵەکی و لەگەڵ شارو شارۆچکەکانی کوردستان و کوردەکانی تاراوگەدا بەپێی پێویست رۆڵی خۆی نەبینی. ئەمە بەشێکی زۆری پێوەندیی بە سەرکوتی سیاسیی و ئازادیی رادەربڕینەوە هەیە، بەڵام بەشێکی زۆریشی پێوەندیی بەکولتووری بێدەنگیی خەڵکی شاری هەولێرەوە هەیە. ئێستا بۆ هیچ چاودێریکی سیاسیی ، ئەکادیمیستێکی کەمێک وریا، توێژەرەوەیەک، رۆشنبیرێک و کەسێکی هۆشیار ئەو گومانە نەماوە کە بۆچیی لەناوچەکانی بادینان‌دا نووزەی ئازادیی نییە، تەنانەت وەک نوکتەی لێهاتووە و دەڵێن " خۆ فاتیحایەکیشیان بۆ سەردەشت نەخوێند" ؟ وەڵامی ئەم گومان و پرسیارەش دووبارە لەجەبەرووتی پێشێلکردنی ئازادییدا دەبینرێتەوە کە دەسەڵاتی حیزبیی لەو ناوچەیەدا سەپاندوویەتی. کەسێک گومانی لەوەدا نەماوە

کە کوردستان لەڕووی کولتووریی و سیاسیی و جیۆگرافیشەوە بەهۆی شەڕی حیزبیی و ئایدیۆلۆژییەوە بەتەواویی دابەشبووە. بەڵام گرنگترین کارێک کە ڕۆشنبیرو نووسەرو سیاسییەکانی کورد دەتوانن بیکەین ، ئەوەیە کە نەهێڵن هەولێر بۆ ئەجێندای حیزبیی و ئایدیۆلۆژیی تاسەر بتاسێنرێ. جورئەتی ڕۆشنبیران و نووسەران و خەڵکی ئازادییخوازی هەولێر، بەپشتیوانیی جەماوەرێکی زۆر لە شوێنەکانی تری هەرێمی کوردستان و تاراوگە دەتوانن کارێکی وابکەن کە بێدەنگیی هەولێر تا سەر نەبێت. لەهەموویشی گرینگتر ئەوەیە تێرۆری سەردەشت بکرێ بەخاڵی وەرچەرخان لە بێدەنگییدا. ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییشە بۆیەکەمین جار لەدوای 31ی ئابەوە هەولێر خۆپیشاندانی ناڕەزایی دژی دەسەڵات تێداکراو پێڵاویان بۆ قەڵافەتی پارلەمانی دووحیزبەکە بەرزکردەوە. دەکرێ تێرۆری سەردەشت بکرێ بەخاڵێکی وەرچەرخانی سیاسیی و کولتووریی گەورە و ڕەهەندی ئازادیی لە سەرەتای شارێی خۆیدا دابنرێ.

### سەرچاوەکان:


- Burton, C Emory 2009,Basic Sociology, Authorhouse, USA Indiana
- Childe, v. g. . (1942), *What Happened in History*, Harmondsworth, Penguin Books
- Gerald Breese, Urbanization in newly Developing Countries, New York: prentice. Hall. 1966
- Henslin, James M. 2007, Sociology: A Down-to-Earth approach, nine edition, Pearson
- Turner ,B.S.2008 The Body and Society: Explorations in Social Theory, Saga, London.
- محەمەد، ش، *بزوتنەکەوە بارگاوی مەکەن*، هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە 224، ڕۆژی 18-05-2010، سلێمانیی، کۆمپانیای ئاوێنە.